## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٩١) لە ٢٠٢٢/١٢/٢١

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٩) لە ٢٠٢٢/١٢/٢١، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ دیراسەکردنی ئەو بڕگانەی ڕاپۆرتی بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی کرد لە کۆبوونەوەی ئاماژەپێدراوی سەرەوە کە پێویستییان بە تەرخانکردنی پارە هەیە ئەویش بە ڕەچاوکردنی بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و داهاتی بەردەستی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی ئەولەویەتییەکانی خەرجیی گشتی لە هەرێم و ئەنجامی دیراسەتکردنەکە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاری کۆتایی.

٢. بەردەوامیدان بە پرۆسەی پێداچوونەوە و پاککردنەوەی لیستی ناوی سوودمەندان لە مووچە و ئیمتیازاتی کەسوکار و قوربانیانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و جینۆساید و زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی لە ڕێگەی لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە لە نوێنەری (وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون).

٣. پەیڕەوکردنی بنەماکانی یەکسانی و شایستەبوون لە بەخشینی ئیمتیازاتی کەسوکار و قوربانیانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و جینۆساید و زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی ئەویش لە ڕێگەی پیادەکردنی شێوازی خاڵبەندی بەگوێرەی شایستەبوون و پێدانی ئەولەوییەت بەوانەی کە ژمارەی خاڵەکانیان لە پێشترە.

٤. ڕاسپاردنی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە هەماهەنگی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ بەدەستهێنانی قەرەبووکردنەوەی کەسوکار

و قوربانیانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و جینۆساید و زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی لە چوارچێوەی بودجەی سیادی پشتبەست بە هەردوو ماددەی (١١٢) و (١٣٢) لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ بە مەرجێک ڕەچاوی دەسەڵات و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکرێت.

٥. ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکار و قوربانیانی شەهیدان و ئەنفالکراوان دابین بکات لەبری پێدانی زەویی چۆڵ. بۆ ئەم مەبەستەش، وەزارەتەکانی (کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، شارەوانی و گەشتوگوزار، ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن، داد، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو) و سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی وەبەرهێنان ڕێکاری پێویست وەردەگرن لەم بارەیەوە.

٦. ڕاسپاردنی دەستەی وەبەرهێنان بۆ دیراسەتکردنی شێوازی پابەندکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبوون لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بە دابینکردنی ڕێژەیەک لە یەکەکانی نیشتەجێبوون بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە ڕەچاوکردنی بڕگەکانی (٢ - ٣)ی ئەم بڕیارە، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

٧. پێویستە سەرجەم داتا و ژمارە و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە کەسوکار و قوربانیانی شەهیدان و ئەنفالکراوان و جینۆساید و زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی ئاڕاستەی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بکرێت وەکو لایەنی پەیوەندیدار بە قوربانیان و شەهیدانی سەربەرزی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیشەوە.

٨. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**